**بەش؛ باخچەی منداڵان**

**کۆلێژ؛ پەروەردەی بنەڕەتی**

**زانکۆ؛ سەڵاحەدین-هەولێر**

**بابەت؛ شێوازی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵ**

**پەرتووکی کۆرس؛ قۆناغی یەکەم**

**کۆرس؛ کۆرسی دووەم**

**ناوی مامۆستا؛ د. ئەردەلان لەتیف عەبدولقادر**

**ساڵی خوێندن؛ ٢٠٢٣-٢٠٢٤**

| | |
|---|---|
| 1. ناوی كۆرس | **شێوازی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی منداڵ** |
| 2. ناوی مامۆستای | **د. ئەردەلان لەتیف عەبدولقادر** |
| 3. بەش/ كۆلێژ | **باخچەی منداڵان، پەروەردەی بنەڕەتی/ ز. سەڵاحەدین-هەولێر** |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: ardalan.abdulqader@su.edu.krd<br><br>ژمارەی تەلەفۆن: 07504561291<br>07729797791 |
| 5. یەكەی خوێندن(بە سەعات)لە هەفتەیەكدا | تیۆری: 3سعات<br>پراكتیک: نیە |
| 6. ژمارەی كاركردن | 10 |
| 7. كۆدی كۆرس | ...... |
| 8. پرۆفایلی ئەكادیمی مامۆستا | ✓ ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە زانستە كۆمەڵایەتیەكان بەدەستهێناوە لە كۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانكۆی سەڵاحەددین-هەولێر.<br>✓ ساڵی ٢٠١١ بڕوانامەی ماستەر لە پەروەردەی كۆمەڵایەتی(Social Pedagogy)، بەدەستهێناوە لە كۆلیژی زانستە كۆمەڵایەتی و دەروونیەكان، زانكۆی پەروەردەیی حكومی خاركۆڤ-ئۆكراینا.<br>✓ ساڵی ٢٠١٢ دامەزراندن، كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانكۆی سەڵاحەددین-هەولێر.<br>✓ ساڵی ٢٠١٢ نازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر) لە زانكۆی سەڵاحەددین-هەولێر.<br>✓ ساڵی ٢٠٢٠ بڕوانامەی دكتۆرا لە پسپۆڕی فەلسەفە و سیاسەتی پەروەردەیی (pedagogical sciences policy)، بەدەستهێناوە لە كۆلێژی زانستە پەروەردەیی و دەروونیەكان، زانكۆی ئەریۆلی حكومی- ڕوسیای فیدڕاڵ.<br>✓ ساڵی ٢٠٢٠ نازناوی زانستی (مامۆستا) لە زانكۆی سەڵاحەددین-هەولێر.<br>✓ مامۆستا لە بەشی باخچەی منداڵان، كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانكۆی سەڵاحەددین-هەولێر. |
| 9. وشە سەرەكیەكان | **منداڵ، كۆمەڵگا، خێزان، پەروەردەكار و باوان، كلتور و ڕاگەیاندن، پەرستگا و فێرگە، گەشەكردنی كۆمەڵایەتی،كارلێكی كۆمەڵایەتی** |

## 10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس؛

گرنگی ئەم کۆڕسە لە خستنە ڕووی پێناسە و ئامانج و تایبەتمەندییەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی[التنشئە الاجتماعیە-Socialization)ە. لە ڕوانگەی فەلسەفە و زانستی پەروەردە و دەرونزانی و کۆمەڵناسیەوە. تیۆر و ڕێڕەوی هزری هەریەک لە بنەمای سەرەکی بابەتەکانن لەم کۆڕسە.

باس لە چۆنیەتی پێگەیاندنی منداڵ دەکەین لە ڕێگای دەزگا کۆمەڵایەتیە دیارەکانی وەک؛ خێزان، شەقام(قوتابخانە و دەزگا فێرکاریەکان)، هۆیەکانی ڕاگەیاندن(تەلەفزیۆن،ئینترنێت، بڵاوکراوە پەیپەریەکان) و کاریگەری ئایین و پەرستگا. هەروەک باس لە کلتور و کاریگەری بەها کۆمەڵایەتیە پیادەکراوەکان ئەکەین بەگشتی لە کۆمەڵگا خۆمان بەتایبەتی. بەپێ ی دەرفەتی کات لەماوەی دیاریکراو بۆ وتنەوەی ئەو کۆڕسە، کەموکوڕی و لایەنە نەرێنیەکانی گەشەپێدان و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دەخەینە ڕوو.

جۆرەکانی خێزان و قۆناغەکانی تەمەنی خێزان و ڕیزبەندی منداڵ لەنێو ئەندامانی خێزان باس دەکەین جگە لە شرۆڤەکردنی هەندێ دیاردەی نێو خێزان کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرن بەسەر کردەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی.

هەروەها لە دیارترین گرفتەکانی منداڵ دەدوێین کە هەر لەگەڵ لەدایکبونی تا دەگاتە تەمەنی پێنج ساڵیەوە باوان بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکات تا ئەو ڕادەیەی هەندێجار باوانی دەکەونە دڵەڕاوکێی چۆنیەتی مامەڵە کردن لەو دۆخە ناجۆرانە.

هەموو ئەم باسانە و لایەنەکانی تری ژیانی تایبەتی منداڵ بەهاوکاری فێرخوازان لە پۆلدا قابیلی گفتوگۆ و لێ توێژینەوەن. لەبەر ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لەو کۆڕسە فێرخواز تەواو ئاشنابێ بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ لە باخچەکانی منداڵان تا بتوانێ وەک پەروەردەکار سەرکەوتو و شایستە کار لەسەر پێگەیاندنی نەوەی داهاتوو بکات.

## 11. ئامانجەکانی کۆرس؛

ئاشناکردنی فێرخوازانە بە چۆنیەتی ئەو گۆڕانکاریەی بەسەر مرۆڤدا دێت لە لەدایکبونەوە تا تەمەنی پێنج ساڵی، کە بریتیە لە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بون(Socialization). واتا گۆڕانی منداڵ لە بونەوەرێکی بایۆلۆژیەوە بۆ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی چاندنی کلتور و پەروەردە لە ڕێگای باوانیەوە سەرەتا، دواتریش بەهۆی کاریگەری دەزگا کۆمەڵایەتیەکانی تری وەک فێرگە و ڕاگەیاندن و پەرستگا.هەر لەم کۆڕسەدا، فێرخواز ئاشنا دەبێ بەو تیۆر و بۆچونە فەلسەفی و پەروەردەییانەی لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەگشتی و زانستی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بونەتە کۆڵەگەی پراکتیزەکردنی کردەی سۆسیالیزەیشن.جگە لەوە، ئامانجی بنەڕەتی لە خوێندنی ئەم کۆڕسە بۆ ئەوەیە کە فێرخواز وەک پەروەردەکار و مامۆستایێک لە داهاتوو بتوانێ بەپێ ی سروشتی تاکێتی لەگەڵ منداڵان لە باخچە و فێرگە مامەڵەبکات تا بتوانێ ئاسانتر کەناڵی پەروەردە و فێربونی ئەوان بدۆزێتەوە، ئەویش بە نزیکبونەوە و زوو تێگەشتنە لە سروشتی جیاوازی هەر منداڵێک لە باخچە و فێرگەکەی.

سەرەڕای ئەمانە، فێرخواز بۆ ژیانی تایبەتی خۆشی وەک دایکێک لەداهاتودا (لەبەر ئەوەی تەواوی فێرخوازانی بەشی باخچە، کچ )ن، سود وەردەگرێ لە پراکتیک کردنی تیۆر و هەنگاوە زانستیەکان لە پێگەیاندنی منداڵەکانی.

## 12. ئەرکەکانی قوتابی؛

ئەرکەکانی فێرخوا پێکدێن لە: ئامادەبون لە پۆل، بەشداریکردنی گفتوگۆ و پرسیارکردن لەسەر ناوەڕۆکی بابەت و پرسەکان، ئامادەکردنی ڕاپۆرت و پێشکەشکردنی لە پۆلدا.

## 13. ڕێگەی وانەوتنەوە؛

دیارترین ڕیگاکانی وانەوتنەوە لەم کۆرسە بەپێ ی سروشتی بابەتی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، بریتین لە:

- ڕێگای گفتوگۆ،
- ڕێگای پرسیار و وەڵام.

بەکارهێنانی وایت بۆرد، داتاشۆ، نیشاندانی کورتە فیلم و بەڵگە فیلم دەربارەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان.

## 14. سیستەمی هەڵسەنگاندن؛

- 10 نمرە بۆ چالاکی ناو پۆل
- 30 نمرە بۆ تاقیکردنەوەی کۆششی وەرزی
- 60 نمرە بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی کۆرس.

## 15. دەرئەنجامەکانی فێربوون

پەیامی سەرەکی ئەم کۆرسە لەوەدایە کە فێرخواز دەتوانێ شارەزای دۆخی دەرونی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی و خێزانی منداڵ ببێ. چونکە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی باس لە چۆنیەتی مامەڵەی باوان و کاریگەری ژیانی خێزانی، ئایین و ڕاگەیاندن و کلتوری کۆمەڵایەتی دەکات بەسەر کردەی بە کۆمەڵایەتی بونی منداڵ.

بۆ هەر پەروەردەکارێک کە لە باخچەکانی منداڵان کار دەکات، زۆر پێویستە ئاگاداری بنەماکانی پێگەیاندن و پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بونی منداڵ بێ، لەم ڕوانگەیەوە خوێندنی کۆرسی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پەیوەندێکی ڕاستەوانەی هەیە بە پێویستی و بازاڕی کار.

فێرخواز بەهۆی خوێندنی کۆرسی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیەوە، فێردەبێ لە خۆیەوە و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی(عشوائی) مامەڵە لەگەڵ منداڵ نەکات، بەڵکو لە ڕێگای زانستی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیەوە هەنگاو بنێ، کە بەهۆیەوە هەم دەبێتە پەروەردەکارێکی سەرکەوتو و هەمیش دەتوانێ بەشێوەێکی زانستی و دوور لە تەقلیدی پەروەردەی خێزانی نا پەسند، کار لەسەر بەکۆمەڵایەتی کردنی نەوەی نوێ بکات.

## 16. لیستی سەرچاوە


- د.ئیبراهیم ناصر، کۆمەڵناسی پەروەردەیی، و. دانا نادر، چ١، چا.چوارچرا-هەڵەبجە ٢٠١٣
- د.کەریم شەریف، سایکۆلۆژیای گەشەکردن(منداڵ و هەرزەکار)،چ١، چا.نێوەند-سلێمانی ٢٠٠٩
- د.سەمیر ئیبراهیم حەسەن، کلتور و کۆمەڵگا، و.عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە، چ١، کەرکوک ٢٠١١
- د.هاله ابراهيم، التنشئه الاجتماعيه و مشكلات الطفوله، الاسكندريه-مصر ٢٠٠٩
- نبيل عبدالهادى، علم الاجتماع التربوى، ط١، عمان-الاردن ٢٠٠٢
- د.عمر احمد همشرى، مدخل الى التربيه، ط١، دار صفا للنشر و التوزيع، عمان-الاردن ٢٠٠١
- مصطفى فهمى، الصحه النفسيه، ط٢، مكتبه الخانچى، القاهره-مصر ١٩٩٧

| هەفتەکان | 17. بابەتەکان |
|---|---|
| هەفتەی یەکەم<br>هەفتەی دووەم<br>هەفتەی سێیەم<br>هەفتەی چوارەم<br>هەفتەی پێنجەم<br>هەفتەی شەشەم<br>هەفتەی هەفتەم<br>هەفتەی هەشتەم<br>هەفتەی هەشتەم<br>هەفتەی نۆیەم<br>هەفتەی دەیەم<br>هەفتەی یازدەم<br>هەفتەی دوازدەم | ■ چەمکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی؛<br>- تایبەتمەندییەکانی پ. ک.<br>- ئامانجەکانی پ. ک.<br>-<br>■ شێوازەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی<br>- مەرجەکانی پ.ک.<br>- گرنگی فێرکردن لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا<br>- لایەنەکانی پ.ک.<br>■ ڕۆڵی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە پ. ک.؛<br>1. خێـــزان:<br>- ڕۆڵی خێزان لە کردەی پێگەیاندن.<br>- جۆرەکانی خێزان<br>- قۆناغەکانی تەمەنی خێزان<br>■ بەرپرسیاریەتی خێزان و پێگەیاندن؛<br>- شێوازە نموونەییەکان لە پێگەیاندنی منداڵ<br>- هەڵە دیارەکانی خێزان لە پێگەیاندنی منداڵ<br>2. باخچەی منداڵان:<br>3. قوتابخانە:<br>4. ڕاگەیاندن<br>5. پەرستگای ئایینی<br>■ پەیوەندی منداڵ و خێزان<br>- گرنگی چاودێری دایک بۆ منداڵ<br>■ کارلێکی کۆمەڵایەتی:<br>- مەرجەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی<br>- قۆناغەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی<br>- شێوازەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی<br>- جۆرەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی |

| | |
|---|---|
| - بنەماکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی<br><br>▪ پرۆسەی فێربوون و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی منداڵ؛<br><br>- گرفتەکانی منداڵان، گونجان و نەگونجان<br>- یاریکردن و گەشەی کۆمەڵایەتی<br>- تیۆری ئەریکسۆن بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی | هەفتەی سێزدەم<br><br>هەفتەی چاردەم<br><br>هەفتەی پازدەم |
| **18. بابەتی پراکتیک** | ... |

## 19. تاقیکردنەوەکان

**1. دارشتن:**

پ/ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی چیە؟

و/ بریتیە لەوزانستە کردەیەی بەهۆیەوە منداڵ لە بونەوەرێکی بایۆلۆژیەوە دەگۆڕێ بۆ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی.

**2. راست وچەوت:**

پ/ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، ئایا کردەیەکی ڕێژەییە، دەگۆڕێ بە گۆڕانی کات و شوێن و دۆخی خێزانی منداڵ؟

و/ ڕاستە

**3. بژاردەی گونجاو:**

پ/ ئەو خێزانەی یەکێک لە باوان(باوک یان دایک)ی تێدایە، ناسراوە بە؟

و/ (خێزانی درێژکراوە، خێزانی باوان، خێزانی جێگرەوە، خێزانی یەک کەسی)

## 20. تێبینی؛

قوتابیان هەر بابەت و تیۆرییێکیان بە گونجاو زانی لە بواری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵدا بیخەینە بەر باس و گفتوگۆکانمان، بەدڵنیاییەوە لەسەری دەوەستین و دەیگونجێنین لەگەڵ سیاسەتی کۆرسەکەمان و وەک بڕگەیێکی سەرەکی مامەڵەی لەگەڵ دەکەین.

## 21. پێداچوونەوەی هاوەڵ؛